


# جەرگسۆزم بۆ پەیدا دەبێ

بەشی دووەم

فەخرەدین عەلی



کاتێ دراوسێ و خزمان زانیان سەیارەکەمان دزراوە ، هەموویان لێمان کۆبوونەوە. پۆلیس و ئاسایش ئاگادارکرانەوە. ئەوان جگە لە وتەوەرگرتن شتێکی دیکەیان لەدەست نەدەهات . کوڕەکانی بیراکەم خۆیان گێف کردەوەو سوێندیان خوارد ئەگەر لەپەڕەکەی ئاسمانیش بێ پەیدای دەکەنەوە . خودا هەڵناگرێ زۆر بەدوایدا گەڕان و هەواڵێکیان دەستنەکەوت .

دزرانی سەیارە ترسێکی لەناخی خێزان و کچەکانم چاندبوو، ئیدی هەر ئێواران زوو دەرگەی حەوشەو بالکۆنیان دادەخست . من دڵنیابووم ئیدی ئەو دزە نایەتەوە، چونکە دەستی خۆی وەشاندبوو. بەشی خۆی بردبوو، وەلێ دیسانیشەوە پاریزگرتن و هۆشیاری پێویست بوو.

هەندێک لە خزمان پێشنیاریان بە خێزانم کردبوو کە شێخێکی باش لە سلێمانی هەیە، ئەگەر بچنە لای بۆتان ئاشکرا دەکات! من باوەڕم بەو شتانە نیەو باوەڕیشم پێ نەبوو، بەڵام لەسەر پێداگرتنی هاوسەرەکەم و براکەی بە ناچارییەوە ڕێگەی سلێمانیمان گرتەبەرو بەرەو لای شێخ لوقمان ڕۆیشتین . خەڵک لەماڵەکەیان ریزیان بەستبوو، هەریەکەو بۆ کارێک هاتبوو. من بە بیراکەم گوت : " ئێمە پێی نالێین سەیارەمان لێدزراوە ، بزانین ئەو خۆی دەزانێ کە ئێمە بۆچی هاتووین و چ داواکاریمان هەیە"

بیراکەم پێشنیارەکەی پەسند کرد، نۆرەمان هات و هەردووکمان چووینە لای شێخ ، ئەو لەسەر جێگە کەوتبوو، چاوی دەجولاو بەس. یەکێک بەردەستی شێخی دەکرد ، پرسیاری لێکردین ، من پێمراگەیاند دەبێ شێخ بزانێ ئێمە بۆچی هاتووین و چیمان دەوێ! ئەویش لە شێوەی قسەکردنماندا زانی خەڵکی ئەوێ نین . کابرا سەری لەبن گوێی نزیک کردەوەوهەندێ شتی لەسەر کاغەزێک نووسی و پێشانیدا ، ئەویش بە ئاماژە وەڵامی دایەوە ، شاگردەکەی گوتی، شێخ دەڵێ: " ئەوانە خەڵکی هەولێرن و کێشەیان هەیەو دەیانەوێ من بۆیان ئاشکرا بکەم، بەڵام کێشەکە گەورەیەو زۆری دەوێ" ئێمە دووپاتمان لەسەر ئەوە دەکردەوە کە دەبێ شێخ بۆخۆی بزانێ کێشەکەی ئێمە چییە . من بەڵێنم پێدا ئەگەر شێخ بزانێ کێشەکەمان چیە سەد بەرانبەری پێدەدەم، ئەگەرنا ئێمە دەڕۆینەوە. ئەوان نەیاندەویست خۆیان بشکێننەوە ، لەو سەردەمەدا دیاردەی دزیکردن بە شێوەیەکی زۆر پەرەی سەندبوو، هەر گەنجیش بوو سەری خۆی هەڵدەگرت و دەڕۆیشت. شێخ هەندێک بیری کردەوە، دوایی بە ئاماژە هەندێ زانیاری ببە شاگردەکەیدا، ئەویش گوتی:" شێخ دەفەرمووێ کەسێکیان بێ سەرو شوێنە، لەم نزیکانەدا هەواڵی پەیدا دەبێتەوە "

من زانیم شێخ سەری لێدەرناچێ ، بەڵام بیراکەم خۆی بۆ نەگیرا ، تێی گەیاند ئەوەی بێ سەروشوێنە مرۆڤ نیە و ماڵی دنیایە. ئیدی شێخ گوتی" سەیارەیەکیان لێدزراوە" من تەنیا داوام ئەوەبوو ئەگەر شێخ بزانێ چ سەیارەیەکمان لێدزراوە؟ شاگردەکە ئەوەی بەشێخ گەیاند ، ئەویش سەیری ئێمەی کرد، پاک و خاوێن بووین ، دوایی دەیان ئیشارەو سەربادان و چاو گێڕان ، شاگردەکەی تێیگەیاندنین کە دەڵێ" لاندکرۆزەرێکی سپیمان لێدزراوە، کەسێکی نزیکی خۆمان کۆمەڵێک کەسی چەکداری هەیە، ئەوان دزیویانە !"

ئێمە لاندکرۆزەرمان لێ نەدزرابوو، زانیم شێخ بۆی هەڵنایەت و گرفتیشمان بۆ دروست دەکات ، سەرێکم لەقاندو بە بیراکەم گوت :" با بڕۆینەوە ، سەری لێدەرناکات، دەیەوێ گرفتیشمان بۆ زیاد بکات " بەڵام ئەو پێداگری دەکرد کە بۆمان پەیدا دەکاتەوە، بۆیە داوای زانیاری زیاتری لە شێخ کرد. ئەمجارەیان شێخ سەرێکی باداو هەندێ چپەچپی کرد، شاگردەکەی گوتی:" شێخ دەفەرمووێ سەیارەکەیان دەدۆزرێتەوە، بەڵام بابەینی خۆیان لەگەڵ ئەو خزمە تێک نەدەن کە سەیارەکەی لێدزیون، دەنا ئاکامی خراپتری لێدەکەوێتەوە، چونکە ئەوان چەکدارن و دەستیشیان دەڕوات"

براکەم لەخۆیان کەوتە گومان، ڕەنگی تێکچوو ، هەوڵی دەدا زانیاری زیاتری دەست بکەوێ، بەڵام من باوەڕم پێی نەبوو، هەندێ پارەم لەبن دۆشەکەکەی داناو سوپاسمان کرد. لە ڕێگە هەستم کرد بیراکەم زۆر نیگەرانە ، هەر سەبارەت بەو خزمە چەکدارە پرسیاری دەکردو لێکدانەوەی دەکرد، من دڵنیام کردەوە کە لەخۆیەوە ئەو قسانەی کردووەو هیچ پەیوەندیشی بە مەسەلەکەی ئێمەوە نیە، ئاخر شێخ نەیزانی بوو کە سەیارەمان لێدزراوە، ئەو گوتبووی کێشەیان هەیە، دواتر ئێمە لاندکرۆزەرمان لێنەدزرابوو!

قسەکانی شێخ گرفتێکی گەورەی لەنێوان بیراکەم و کوڕەکانیدا دروست کرد. بیراکەم گومانی لەکوڕەکانی خۆی پەیدا کردبوو. ئەوان هەموویان سوێندیان بۆ خواردبوو، بەوهۆیەوە هاتنە ماڵ و پاکانەیان کرد ، تەنانەت پێشنیاریان کرد کە ئەگەر گومانمان لەوانە ، ئەوان ئامادەن پارەی سەیارەکەمان بۆ بژمێرن . ڕاستیەکەی من هیچ باوەڕم بە شێخ نەبوو، حەزیشم نەدەکرد نێوانمان لەگەڵ ئەوان تێک بچێ. من دڵنیام کردنەوە کە ئەو کارە لەوان ناوەشێتەوە و هەرگیزیش گومانم لەوان نیە، بەڵام قسە بکەوێتە زارێک دەکەوێتە شارێک، زۆربەی خزمان قسەکانی شێخیان زانی بوو، ئیدی ئاگرەکەیان خۆشتر کرد، بەوهۆیەوە کچەکانم گومانیان لە کوڕە خاڵەکانیان گیرسایەوە، سەرەنجام نێوانمان ساردی تێکەوت ، هەرچەندە من بەردەوام سەردانی ئەوانم دەکرد ، ئەوانیش دەهاتن، بەڵام چونکە کچەکانم هەر لە بنەڕەتدا کەیفیان بەوان نەدەهات ، ئیدی ئەوە بیانۆیێکی باش بوو، بەخێرهاتنیان لێ نەدەکردن و خۆیان تێنەدەگەیاندن.

بیراکەم پێشتر نیازی ئەوەی هەبوو کچەکانی من بۆ کوڕەکانی خۆی داخوازی بکات، بەڵام بەهۆی ئەو کێشەیەوە پاشەکشەی لێکرد، دەیزانی هەم کچەکانم ڕازی نابن ، هەمیش لەوانەیە من لە دڵەوە لێیان بەگومان بم، ئیدی ئەوان لە ماڵی خۆیان و ئێمەش لە ماڵی خۆمان. ڕۆژ و مانگ و ساڵەکان تێپەڕ بوون، کچەکانم زانکۆیان تەواوکردو گەورەکەیان شووی کرد. دوو لە کوڕەکانی ئەویش ژنیان هێنا. کەچی هێشتا نێوانمان ئاسایی نەبۆوە، ئەوان بە شەرمەوە سەردانیان دەکردین .

ڕۆژێکیان کابرایێک هاتە دوکان، بەبیانۆی شت کڕین تۆزێک خۆی خافڵاند، دوایی کە چۆڵ بوو، پرسیاری ئەوەی لێکردم ئایا من دەیناسم یان نا؟! ڕاستیەکەی من نەمدەناسی. ئەو تێی گەیاندم کە چەند ساڵێک لەمەوبەر هاتۆتە ماڵمان وسەبارەت بەکێشەیەک قسەی بۆکردووم، ئەو بەبیری هێنامەوە کە پێی گوتبووم ( من بۆ خوات پێدەڵێم ، فریا بکەوە با نەقەومێ !!) ئیدی کابرام ناسیەوە. ماوەیەک بەیەکەوە دانیشتین و قسەمان کرد. دەرفەتی ئەوە ڕەخسا لێی بپرسم چۆن دەیزانی دزیم لێدەکرێ؟! ئەو ئاهێکی هەڵکێشا، گوتی " ئێستا بۆ شتێکی دیکە هاتووم، دوایی دێمەوەو ڕاستیەکانت بۆ ئاشکرا دەکەم " نامەیەکەی لە گیرفانی دەرهێناو پێیدام، ئیدی خواحافیزی کرد و ڕۆیشت .

نامەکەم خوێندەوە، سەرم سووڕما، داوام لێکرابوو بچمە فلانە نووسینگەو ئەمانەتێک هەیە وەریبگرم. من نەمدەزانی ئەمانەتەکە چیە، ئیدی دوکانەکەم داخست و چوومە نووسینگە ، لەوێ ناسنامەی باری کەسێتیان کۆپی کرد، ناونیشانی ماڵ و دوکان و ژمارە تەلەفۆنیان یاداشت کرد، ئیمزایەکیان پێکردم و هەشت هەزار دۆلاریان پێدام. ئەو کەسەی پارەکەی ناردبوو، ئاشنا نەبوو، بۆیە لەخۆم کەوتمە گومان!

نەمدەزانی ئەو پارەیە بۆ چیەو دەبێ بە کێی بدەم؟!

ئێوارە کە گەڕامەوە ماڵ، ڕووداوەکەم بۆ خێزانم و کچەکانم گێڕایەوە، ئەوانیش پێیانوابوو بە هەڵە بەمن دراوە، دەنا کەسێکی بەو ناوەمان لە ئەوڕوپا نیەو نایناسین. ئێمە لەو قسانەدابووین زەنگی تەلەفۆن لێدرا، یەکێ لە کچەکانم وەڵامی دایەوە، ئەو داوای منی کرد، منیش چاک و چۆنیم لەگەڵدا کرد، ئەو گوتی:" فڵانە کەسم کە ئەمڕۆ پارەکەم بۆت ناردەوە، وێڕای ئەوەی کە پارەکەم ناردۆتەوە، بەڵام داوای لێبووردن دەکەم، چونکە من دەمێکە قەرزاری تۆم"

من نەمدەناسی و باوەڕیشم نەدەکرد قەرزارم بێ، بۆیە پرسیم" من ناتناسم و هەرگیز قەرزاری من نەبوویت" ئەو زۆر بەشەرمەوە دەدوا، داوای بووردن و گەردەن ئازادی لێدکردم، گوتی :" نەک لە ڕابردوو، بەڵکو تا لە ژیان مابم، هەر قەرزاری تۆم، هەر کاتێک و هەر کارێکیش بە من بکرێ، لە خزمەتت ڕاوەستاوم، ئاخر تۆ ئێمەت لە مردن ڕزگار کرد، منت گەیاندە ئەوروپا"

من دیسانیشەوە لە قسەکانی تێنەدەگەیشتم، سەرەنجام خۆی ئاشکرا کردو باسی دزینی سەیارەکەی کرد، بۆی گێڕامەوە کە لەڕووی نەبوونیەوە پلانی دزینی سەیارەکەی تۆم دانا، باوکم زۆر ناڕازی بوو، بەڵێنی دا بێ و ئاگادارت بکاتەوە، من گوێم لەو نەگرت، چونکە زۆر دەستکوت بووین، چوار خوشک و برای بچووکم لەسەر شان بوو، نەمویست ببمە چکداروبەشداری لە براکوژی بکەم، باوکم توانای کارکردنی نەبوو، دایکیشم لەماڵەوە ئیفلیج ببوو، بۆیە ئەو کەتنەم کرد، سەیارەکەی تۆم دزی و بە چوار هەزار دۆلار فرۆشتم، هەم من گەیشتمە ئەوڕوپا ، هەم توانیم دایک و باوک و خوشک و براکانم لە برسێتی ڕزگار بکەم، ئێستا توانیم ئەو قەرزەی تۆش بدەمەوە، ئاخر من بەر لەدزینی سەیارەکەی تۆ سوێندم خواردبوو، بەڵێنم بە خودای خۆم دابوو، ئەمەم بە دزی لەسەر حساب نەکات، وەکو قەرز دەیبەم و دووقاتیش دەیدەمەوە، ئێستاش من منەتباری تۆم، تکام وایە لای کەس ئاشکرام نەکەیت، چونکە تۆم وەکو باوکم داناوە، تۆ لە باوکم زیاتر خزمەتی ئێمەت کرد، ئەگەر تۆ نەبوایت، ئێمە کەسێکی دیکە دەبووین .

# ڕای گشتی و کاریگەری لەسەر دەسەڵات

م/شیلان عبداللە



جەماوەر کە لەکۆمەڵێک پێک دێت بەیەک لەفاکتەرەکانی ڕای گشتی دادەنرێت، چونکە ڕای گشتی بەهەموو شێوازە جۆراو جۆرەکانیەوە لەناوەندی جەماوەردا پێک دێت و بڵاو دەبێتەوە. ڕای گشتی ئەو ڕاو بۆچونانەیە کە هەندێ کەس دەستی پێوەدەگرن. حکومەتیش حیکمەت دەبینێت لەو ڕاو بۆ چونانەو سیفەتێکی بەردەوام و جێگیر وەردەگرێت بەرامبەر بەباسێکی گرنگ و نەگۆڕ، دەتوانم ڕوونتر بڵێم ئەو بڕیارەیە کە گروپێک لەمەسەلەیەکدا بایەخێکی گشتی هەیە پاش گفتوگۆکردنێکی ئاشکراو تەواو، لەگەڵ لێکۆڵینەوەو شیکردنەوەی باسەکەیا بابەتەکە ڕەوانەی بنکەی جەماوەر دەکریت بۆ بەدەست هێنانی پشتگیری ڕای گشتی لەهەر کۆمەڵ و نەتەوە یەکدابێت چەند جۆرێکی لێ دەبێتەوە هەندێ جار ئەم ڕای گشتیە لەشێوەی ڕێپێواندا دەردەبرێت یا لەمانگرتن یاخود بە ئیمزا کۆکردنەوەو چەند شێوەیەکی تر، ئەوکات دەکەوێتە سەر چۆنیەتی ڕایەکەو دەبێت کاریگەرو کارلێکەری ئەم ڕایە ڕوون بکرێتەوە بەڵام لەهەندێ کاتیشدا هیچ کام لەم ڕایانە بەهەند وەرناگیرێت یاخود گرنگیەکی ئەو تۆی پێ نادرێت، هەرچەند بایەخ و گرنگی خۆی هەیە لەهەمان کاتیشدا هێزیکە کاریگەری گەورە لەسەر ژیانی ڕۆژانەی خەڵک دەکات و پشتگیری خزمەتگوزاری دەکاو دیاردەی دزێو ئاشکرا دەکات و داب و نەریتی کۆمەلایەتی کۆمەڵگە لەبەرچاو دەگرێت.

ڕای گشتیش خۆی لەچەند شێوەیەکدا دەبینێتەوە، ڕایەک کەپێی دەوترێ ڕوون و ڕاشکاوانە ئەم ڕایە بەشێوەیەکی کردارەکی و لەکاتێکدایە کەدەبێتە جێی بایەخ و گفتوگۆکانی خەڵک و لەکەشێکی دیموکراسی و ئازاد دا لەسەر هەر بابەتێک لەبابەتەکانی دەردەبرێت. ڕایەکی دی پێچەوانەی ئەم ڕایەیە کەپێی دەڵێن شاراوە (پەردەپۆش) کاتێک خەڵک هەست بەو ڕووداوە دەکات بەڵام دەرنەکەوتووە یاخود شاراوەتەوە بەهۆی قەدەغەکردنیەوە ڕێگەی لێ دەگیرێت ڕای گشتی بەدوو شێوە دابەش دەبێت، ڕای کاریگەر کەلە بیرمەندو هۆشیارو ڕۆشنبیرەکانی دەستە بژێری کۆمەڵدا بەرجەستە دەکرێت چونکە کاریگەری دەکاتە سەر ئەوانەی کەمتر خوێنەوارو ڕۆشنبیرن. ڕای کار لێکراویش زۆرینەی خەڵکی ئاساین کەزانیاری زۆر کەمیان لەخوێندن و فێرکردندا هەیەو پشت دەبەستن بە هۆکارە جیاوازەکانی ڕاگەیاندن. تایبەتمەندی ئەم جۆرە ڕایانە لەوەیا دەردەکەوێت کەڕادەی بڵاوبونەوەی ڕایەکە لەنێوان جەماوەردا و بەردەوامبوونی ڕاگشتیەکە دەربارەی کێشەیەک و چۆنیەتی ڕادەی بەردەوام بوونیشی، هەروەها هێزو توانای جەماوەر لەبەرامبەر هەڵوێستەکە. لێرەدا دەتوانین بڵێین خێزان ڕۆڵێکی بنەڕەت دەگێرێت لە دروست کردنی تاکێک لەبەرامبەر کەلەپورو کلتورو داب و نەریتی کۆمەلایەتی لەکۆمەڵگەدا لەئەنجامی دروستبوونی چەند تاکێکی نەتەوەیی گورزێک پێک دێت کامل لەعەقڵی سایکۆلۆژی بەرامبەر بارودۆخەکان هەر هەوڵیکی تاک بۆ دەرچوون لەم عەقلیەتە بەپلەی جیاواز ڕووبەڕووی پەرچەکردار دەبێتەوە لەوانەیە هەندێ جار بگاتە ڕادەی سزادان.

زۆرجار ئەم ڕاگشتیە ڕووبەڕووی سەرکردە یاخود ڕابەر دەبێتەوە ئەگەر سەرکردە یا ڕابەر بەشێوەیەکی ڕاستگۆ گوزارشتی لە ئیرادەی جەماوەر یاخود کۆمەڵ کرد ئەوا بێگومان سەرکەوتن بەدەست دەبێت. چونکە خەڵکی لەکۆمەڵدا ئارەزوو هیواو پێویستی زۆریان هەیە کەبەستراوە بەژیانەوە لەئێستاو داهاتوودا، پێدەچیت ئەم ئارەزووانە هەندێ جار نادیاربێت تا ئەوکاتەی یەکێک لەوانە لەنێوانیاندا دەردەکەوێت بەباشی تێدەگات پاشان هەڵدەسێت بەڕوونکردنەوەو شیکردنەوەی ئەو ئارەزووانەو نەخشەی بۆ دەکێشرێت.

ئەگەر ڕای گشتی لەبواری سیاسیەوە وەربگرین، ئەوا بەشداری دەکات لەبەرزکردنەوەی ڕۆحی مەعنەوی بەتایبەت کاتێک دەوڵەت ڕووبەڕووی مەترسی داگیرکاری دەرەکی یان تووشی هەڕەشەی بەکارهێنانی هێز دەبێتەوە لەلایەن وڵاتێکی دیکەوە یاخود ئەو دەسەڵاتە تووشی فەسادی سیاسی و ئیداری و دارایی دەبێتەوە، ئەوکاتە ڕای گشتی فشار بۆسەر ئەو دەسەڵاتە دروست دەکات چونکە هەرتاکێک لەڕای گشتی لەو کۆمەڵگەیەو چاوەڕێی بەجێ هێنابێت لەحکومەتەوە .